
٢-٢

ئەحمەدی مەلا:



# بەشێکی هەرە زۆری لاوازیی شیعری کوردی دەگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی یەخشان

سازدانی: نەوشەفەق

* لەم کۆشیعرەدا، لە یەک کاتدا هەست بە بوونی شیعرییەت، فیکر، فەلسەفە، روانینیش دەکەین، ئەم تێکەڵکردنە لەلایەن خوێنەری ئێمە تا ئاستێک قبووڵ ناکرێ، ئەمە بێجگە لەوەی ریتمی وشە و دێرەکانیش ناوەکین، نەک دەرەکی، واتە: لە نێو دەقدان، نەک لەسەر رووی وشەکان... تێکەڵکردنی ئەم بوار و توخمانە، هاوکات دید جوایەزیی ئێوە بۆ دەقی ئیبداعی، دەرهاوێشتەی چییە؟

– شیعر تەنیا هەر وێنەیە. باشلار دەڵێ: "وێنە فیکرەیەکە لە کاتی لەدایکبوونی". دەکرێت ئەمە زۆر شتی لەسەر بگوترێت. شیعر تەنیا هەر وێنەیە، هەموو وینەیەکیش دەبێت نوێ بێت، نوێ تا ئاستی ورێنە، بەڵام رستەیەکی هێندە سادە هەموو ئیشکالییەتەکانمان بۆ چارەسەر ناکات. کاتێک وێنەیەک لە دایک دەبێت، دەبێت زۆر بە سادەیی و ئاسانی لە دایک بێت، ئەمە فیکرەیەکی بنەڕەتیی رۆمانسییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، کە هەمیشە لەدایکبوونی شیعر بە ژانی ژنان دەچوێنن لە کاتی منداڵبوون، ئەمە مانای ئەوەش نییە: چونکە وێنە و شیعر بە سانایی دێنە سەر کاغەز، کەواتە ئاسانە ببینە خاوەنی سەدان دەق.

هەموو وێنەیەک لە سەرچاوەی دیدێکەوە پەیدا دەبێت، ئەم حاڵەتە تەنیا بە شاعیران ئەنجام دەدرێت. هەموو شاعیرێک خاوەن جیهانێکی تایبەتە، هەڵبەتە ئێمە باس لە جیهانێکی شیعری دەکەین. سەرجەم ئەو رەگەزانەی شیعریان لێ پێک دێت، دەگەڕێنەوە بۆ هەمان سەرچاوە، هەر ئەمەیە ئەو هێزە سیحرییە دەئافرێنێ و بە هەست و نەستمانەوە دەلکێت، وریامان دەکاتەوە و بە ئاسپایی شتێک دەچرپێنێتە گوێمان و زەوتمان دەکات.

دەبێت شیعر ئەو هێز و قودرەتە زەوتکارەی تێدا هەبێ، کە پەردەی وشیاریمان دەدرێنێ و لە ناخماندا نیشتەجێ دەبێت. ئەو رەگەزانەش لە حەرفێکەوە دەست پێ دەکەن.

حەز دەکەم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، کە لە کۆتاییی هەشتاکاندا شیعرێکم بۆ پیتە کوردییەکان تەرخان کرد، جۆرە گەمەیەک دەکات، بەڵام ئاودیوی گەمە دەبێت. ریتم و مۆسیقا وەکو تەرایی وان بە نیسبەت ئاوەوە، لە یەکتریی جوایەز ناکرێنەوە.

لە پرسیارەکەتدا ئاماژە بۆ فەلسەفە دەکەیت. هەڵبەتە کاتێک باس لە فەلسەفەی رووت دەکەین زۆر جوایەزە لەگەڵ ئەو تەزووە فەلسەفییەی کە لە نێو جەستەی شیعردایە. رەنگە هەندێک چەمکی فەلسەفی هەبن، بەڵام دەتوێنەوە لە نێو دەقدا. لە کۆتاییدا شیعر ئەو دەفرەیە کە لە توانایدا هەیە لە نێو خۆیدا جێگەی هەموو توخمێک بکاتەوە.

* لە دێرێکی وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوەدا دەڵێیت: "شیعر تەنیا هەر وێنەیە"، کەچی لە کتێبێکی چاپکراوتدا، لە نێوونیشانی کتێبەکەوە دەڵێیت: "شیعر تەنیا هەر بنەمایە". ئەم پارادۆکسەی خۆت چۆن لێک دەدەیتەوە؟

– زۆر راستە و حەقی خۆیەتی تۆ ئەم پرسیارە بورووژێنێت، چونکە نابێت بە سەر شتەکاندا وەکو ئەکرپات باز بدەین. هەموو بۆچوون و تێرمێک لە خۆڕایی بە کار ناهێنرێن. پێش چەند ساڵێک لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەییم لەسەر شیعر نووسی، لە ژێر ناوونیشانی "شیعر تەنیا هەر بنەمایە!"، نازانم چۆن خوێندرایەوە و چۆنیش پێشوازیی لێ کرا. لە راستیدا دەکرێت بە پێشەکی،

یان بە دەسپێکێک تەماشای بکردرێت، چونکە بابەتێکی زۆر عاسییە.

سۆزان بێرنار لە ساڵی ١٩٥٩دا تێزێک لە بارەی "پەخشانەشیعر هەر لە بۆدلێرەوە تا نێوەڕاستی سەدەی بیستەم" ئامادە دەکات. لە کاتی خوێندنەوەی ئەو تێزەدا، کە ٨٠٠ لاپەڕەیە، باس لە پەخشانەشیعر دەکات، هەست دەکرێ دوو بنەما دەداتە پاڵ پەخشانەشیعر، یەکەم بنەما بازنەییە، کە من پێش ئەوەی ئەو تێزە بخوێنمەوە، لە کتێبەکەی خۆمدا باسم لێوەکردبوو، هەروەها بنەمای ئیشراقییە، کە لە دیوانەکەی رامبۆوە وەری گرتووە، ئەویش: ئیشراقاتە.

**شیعر ئەو دەفرەیە کە لە توانایدا هەیە لە نێو خۆیدا جێگەی هەموو توخمێک بکاتەوە**

من لە کتێبەکەی خۆمدا باس لەوە دەکەم کە: ئەوەی شیعر لە پەخشان جوایەز دەکاتەوە، تەنیا بنەمایە. بە واتایەکی تر، گەلێک پەخشان هەن هۆنراونەتەوە، لە شیکلدا هەر شیعرن، بەڵام لە نێوەڕۆکدا پەخشانن. بە پێچەوانەشەوە، گەلێک پەخشان هەن هێزی شیعری لە شیعرییەتی هۆنراوەیان زیاترە، ئەمەیش لایەنێکی مەسەلەکەیە.

**گەلێک پەخشان هەن هێزی شیعری لە شیعرییەتی هۆنراوەیان زیاترە**

لایەنێکی تر ئەمەیە: پێکهاتە بچووکەکانی شیعر چین؟ هەڵبەت وێنەن، دەکرێت وێنەش یەک وشە بێت. ئەگەر هاتوو پێکهاتەی یەکەم بە سەقەتی لە دایک بوو، بنەمای بازنەیی فریای ناکەوێت، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر وێنەی بەهێز لە سیاقێکی بازنەییدا نەبوو، واتە سەردی بوو، دیسانەوە زەحمەتە حیسابی شیعری بۆ بکەین.

من لەم سیاقەدا باسی وێنەی شیعری و بنەمای شیعری دەکەم، ئەگەر ئەم دوو کۆڵەگانەیش بە پتەویی دروست نەبن، دەقی سادە دێتە کایەوە.

**بە داخەوە رەخنەی کوردی بە نیو قاچ لە خەو هەڵدەستێت، ئەگینا بابەتی زۆر زیندوو هەن لە بارەی ئەم دیاردانەوە بنووسرێن.**

* مۆزیک و واتای شیعرەکانی تۆ ناوەکین، نەک دەرەکی، واتە لە قووڵاییی دەقەکانت خۆیان مانیفێست دەکەن. پێڕەوکردنی ئەم شێوازەیش زیاتر لەلای ئێوە و کوردە تاراوگەنشینەکانەوە ئیشی بۆ

کراوە. جوایەزییەکانی دەقی رووکەش "لە هەموو لایەنێکی پێکهاتەکەیەوە" و دەقێکی قووڵبووەوە لە چیدا دەبینی؟

– ئەم رچەیە من دام نەهێناوە. شیعری کلاسیکی، یان شیعری ستوونی، وەک لە عەرەبییەوە تەرجەمەی کوردی کراوە، خاوەن چوارچێوەیەکی دیاریکراوە و هەر شاعیرە و بە پێی سەلیقە و بەهرەی خۆی ئەو چوارچێوە پێشوەخت ئامادەکراوەی پڕ دەکردەوە.

ئەم شیکلە شیعرییە لە گۆڕان بە دواوە تووشی لەقبوون دێت، هەڵبەتە لە مێژووی شیعری کولتوورە جوایەزەکانی دنیاش، چەمکێک هاتەکایەوە کە بە پەخشانەشیعر ناوزەد دەکرێت، رووبەری کردەی شیعر دەگرێتەوە، هەرچەندە من زۆر لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم، چونکە ئەوەی شیعر لە پەخشان جوایەز دەکاتەوە، تەنیا ئەو قاپێلغە دەرەکییە نییە، بەڵکو بزووتنەوە ناوەکییەکەیەتی.

پەخشانەشیعر هێندەی موفارەقە لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە، هێندە توانای ئەوەی نییە وەکو ژانرێک خۆیمان پێ بناسێنێت.

من هەر لە سەرەتاکانی شیعر نووسینمەوە، هەوڵی ئەوەم داوە ئازادانەتر دەقی شیعری بنووسم، واتە گوێ راهێڵم لە جووڵە ناوەکییەکانی، گوێ راهێڵم لە تایبەتمەندیی زمانی کوردی، لە پیتەکان، لە وردەکارییەکانی زمان. کاتێک ئەمە دەڵێم مەبەستم رێزمانی دەرەکیی زمان نییە، بەڵکو بە جەستەکردنی زمانە.

ئەم حاڵەتە وا دەکات، کە جەستە و روح ئاوێزانی یەکتر بن، روح ببێت بە جەستە، جەستەیش ببێت بە روح.

هەڵبەتە لێرەدا دوو ئاراستە دروست دەبن، یەکێکیان لە ناوەوە بەرەوە دەرەوەیە، ئەوەی تر بە پێچەوانەی ئەمەوە کار دەکات، ئەم جۆرە نووسینە بگرەوبەردەی دەق دەخوڵقێنێت.

کاتی خۆی مۆسیقا لە کێش و سەروا پێک دەهات، بەڵام شیعری بێ کێش و سەرواش، ئیشکالییەتی تر دەنێتەوە، ئا لێرەوە سەرجەم زەحمەتییەکانی شیعری سەربەست دێنە کایەوە، سەرجەم ئەو پرسیارانە خۆیان قووت دەکەنەوە، بۆ نموونە: چین ئەو توخم و رەگەزانەی پەخشان لە شیعر جوایەز دەکەنەوە؟

* حەز دەکەم بە وردی پێم بڵێیت: چین ئەو توخم و رەگەزانەی پەخشان لە شیعر جوایەز دەکەنەوە؟

– کاتی خۆی لە قوتابخانەکاندا زۆر شتیان بە هەڵە فێر کردین و بە وردی بۆچوون و چەمکەکانیان بۆ شی نەدەکردینەوە، یەکێک لەو چەمکانەیش تێرمی "پەخشان" بوو. لە قۆناخی

ناوەندیدا چەند تێکستێک هەبوون، کە بە پەخشان نێوزەد کرابوون، خەسڵەتی ئەو تێکستانەش ئەمانە بوون: بە زمانێکی شیعری، بە بێ کێش و سەروا، تەعبیرێکی ئینتیباعیان لە سروشت دەکرد، تەبیعەتێکی وەسفیشیان هەبوو، مەبەستم لەو تێکستانەیە کە لە نێوەندی حەفتاکاندا، لە قوتابخانە کوردییەکانەوە دەخوێندران، هەڵبەتە تێرمی "پەخشان" "نثر" لە عەرەبییەوە وەرگیراوە، لە زمانە لاتینییەکانیش "پرۆز"ی پێ دەگوترێ.

لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا، تا ئێستایش بە شێوەیەکی چەواشە ئەم تێرمە دەگاتە لای خوێنەری کوردی، بۆ زیاتر روونکردنەوەیش، پەنا دەبەمە بەر شانۆیەکی مۆلیەر، کە لە نێوەندی سەدەی حەڤدەدا نووسیویەتی، لە ژێر نێوونیشانی "بورژوا ژونتیهۆم"، واتە: بورژوای نەجیبزادە، ئەگەر بە جوانی بکوردێنرێ، ئەوەی "کوێخای نێوشار"ی بۆ هەڵدەبژێرم. لە دیالۆگی نێوان "کوێخا" "جۆردان" لەگەڵ مامۆستای فەلەسەفەدا، باس دێتە سەر پەخشان و جۆردان دەپرسێت: ئەرێ پەخشان چییە؟ مامۆستاش وەڵامی دەداتەوە، کە پەخشان ئەو شتەیە کە پێی دەدوێت– ئەوەی پێی دەدوێن، جۆردانیش بە سەرسورمانەوە: چی! کاتێک دەڵێم: "نیکۆڵ، ئەو جووتە نەعلانە و کڵاوی شەوانەم بۆ بێنە"، ئەمە پەخشانە. مامۆستاش لە وەڵامدا: "بەڵێ". بۆ کورتکردنەوە و چڕوپڕکردنەوە و تێگەیشتنمان، پێشتریش مامۆستای فەلسەفە بە جوردانی گوتبوو: "ئەوەی شیعر نییە پەخشانە، ئەوەی پەخشانیش نییە شیعرە"، بەڵام گرفتی تر دەمێنێتەوە: چونکە شیعری پەخشانی هەیە، هاوکات پەخشانەشیعریشمان هەیە.

* بۆچی خوێنەرانی ئێمە لە سەروەختی خوێندنەوەی کاریگەرترین و گەورەترین رۆمانی دنیادا، وەها هەڕەمەکی پێشوازی لەم ژانرە دەکەن؟ تۆ بڵێی رۆمان ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی "ئەدەب" بێت؟

– نە کەس بەدیلی کەسە لە کردەی نووسیندا، نە ژانرێکیش دەبێت بە بەدیل بۆ ژانرێکی تر، نە رۆمانیش دەتوانێت شوێنێک داگیر بکات کە هی خۆی نەبێت. ئەوەی گۆڕانکاری بە سەردا دێت، شیکل و شێواز و رێگەکانی دەربڕینە. فەزای رۆمان هەمان فەزا نییە و پێکهاتەکانی هەمان پێکهاتە نین. ئەمەیە جوایەزەییەکان، ئەگینا کردەی داهێنان یەک شتە. ئەگەر شیعر لەو پزیسکە پێک بێت، لەو چەخماخەیە پێک بێت، ئەوە رۆمان ئاگرێکی هێمن و لەسەرخۆیە؛ چنین و رەهەندە زەمەنییەکان، شەخسییەتەکان و سیستەمی نووسین تووشی گۆڕانکاری دێن.

دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین: بۆچی لەم بیست ساڵەی دواییدا رۆمان لە نێو کولتووری کوردیدا سەر هەڵدەدات؟ ئەمە دەکرێت پرسیارێکی سۆسیۆلۆجی بێت.

* باشە با منیش لەگەڵ تۆ بپرسم و لە تۆیش بپرسم: دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین:

**بۆچی لەم بیست ساڵەی دواییدا رۆمان لە نێو کولتووری کوردیدا سەر هەڵدەدات؟**

– رۆمان واتە پەخشان، واتە دەقێک کە شیعر نەبێت. پرسیارێکی گرینگە! ئەمە سەرەتایە، گرینگە. هەروەها دەشتوانین بپرسین: بۆچی کورد درەنگ دەست بە نووسینی پەخشان دەکات؟ لای فەڕەنسییەکان، لە چەرخی راپەڕینەوە، فرانسوا رابلێ رۆمانەکانی دەنووسێت و مۆنتێن "هەوڵەکان" دەنووسێت، کە کتێبێکی زۆر گرینگە لە ئەدەبیاتی فەڕەنسیدا. پەخشان بە زمانی فەڕەنسی، هاوشان لەگەڵ هاتنەکایەی فیکری نەتەوایەتییەوە دەبەستمەوە، واتە: میللەتێکی دیاریکراو تەنیا لە رێگەی پەخشانەوە دەتوانێت شوناس و ناسنامەی خۆی دیاری بکات.

**سەرهەڵدانی پەخشانەشیعر و رۆمان، لەم بیست ساڵەی دواییدا، تەعبیرێکی نوێیە بۆ سەرهەڵدانی جیهانێکی تر**

پاشان لە سەدەی نۆزدە شۆڕشێکی راستەقینە لە ئەدەبیاتی فەڕەنسیدا سەرهەڵدەدات. بێرتراند ئەلۆسیوس لە ١٨٢٤دا یەکەم پەخشانەشیعر دەنووسێت، پاشان بۆدلێر وردتر ئەم شیکلە دەنووسێت و رامبۆ دەیگەیەنێتە لووتکە. هەروەها لە پاڵ ئەم چالاکییە ئەدەبییانەدا، رۆمانی بورژوا، یان رۆمانی بەلزاکی سەرهەڵدەدات. لە هەردوو باردا، سەرهەڵدانی ئەم شیکلانە، دەگەڕێنرێتەوە بۆ باسکردنی کێشەکانی شار، لێرەیشەوە بە مۆدێرنێتە حسێبی بۆ دەکرێت. بە داخەوە رەخنەی کوردی بە نیو قاچ لە خەو هەڵدەستێت، ئەگینا بابەتی زۆر زیندوو هەن لە بارەی ئەم دیاردانەوە بنووسرێن.

**نووسەر ئازادە چی دەنووسێت، ئەمە خاڵی سەرەتایە. هەمووومان وەکو یەکتری هەمان شت ناخوێنینەوە، هەمان شت نابینین، وەکو یەکتری چێژ لە شیعر، لە چیرۆک، لە فیلم... هتد نابینین**

سیغەی "کورد هەموو شاعیرن"، بە زەرەرێکی زۆرەوە پێشوازی لێ دەکەین، چونکە پەخشانمان نییە. من لە شوێنێکی تریشدا گوتوومە: "بەشێکی هەرە زۆری لاوازیی شیعری کوردی دەگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی پەخشان؛ رەنگە بە موفارەقە بچوێنرێت.

نووسەری کورد لەم بیست ساڵەی دواییدا، هەست بە پێداویستییەکی تر دەکات، نەک تەنیا دەست بە نووسینی رۆمان

دەكات، بەڵكو ئەو شيكلە شيعرييەی "گۆران" و لە دوای گۆرانيشەوە دەنووسرێت، هەست دەكات دەبێ تێک بشكێنرێت، ئەم دنيا نوێيەی ئێمە بە لاواندنەوە نايێتە زمان، لە سەر كێشی "هەلوور مەلوور تەكامە"وە ناتوانێت تەعبير لە خۆی بكات.

هەست بەوە دەكەم كە، چ لە بواری شيكلی شيعريی نوێدا "مەبەستم لە هەشتاكان بە دواوەيە"، چ لە بواری رۆماندا، نووسەر بە زمانی كوردی، پێ دەنێتە نێو دنيای نوێ و بە يەكجارەكی ماڵئاوايی لە ريتمی گوند دەكات.

كۆنەكان يەک چەكيان بە دەستەوەيە، ئەويش: "ئەوانە زمانی كوردی نازانن"!!! بەڵام ئەو كوردييەی ئێستا بووەتە زمانی تەعبيری ئەدەبی، تەعبير لە ئيشكالاتی نوێ دەكات. بە هەرحاڵ، زمانی كوری ئەمرۆ سروشتی ئيديۆلێكتی هەيە، واتە هەر نووسەرە و خاوەنی زمانی خۆيەتی.

سەرهەڵدانی رۆمان واتە گەشەكردنی تەونی كۆمەڵايەتی، دروستبوونی ئاستی جياوازيی بيركردنەوە و بينين و گەشەكردن و فرەييش، شەخسييەتی كوردييە.

سەرەڕای تێبينييەكانمان، ناوونيشانی "شار"، كە ناوونيشانی رۆمانێكی حوسێن عارفە، تەعبير لەم گۆڕانكارييانە دەكات. دەكرێت بڵێين تا سەرەتای هەشتاكان تاكوتەرا نەبێت، سەرجەم ئەدەبياتی كوردی سەر بە دنيای گوندە: ريتمی گوند و سروشتی گوند و جوانيی گوند و پاراويی ئەو دنيايە، جۆرێكە لە ئەدەبی ئيديليک و شامپيتر.

سەرهەڵدانی پەخشانەشيعر و رۆمان، لەم بيست ساڵەی دواييدا، تەعبيرێكی نوێيە بۆ سەرهەڵدانی جيهانێكی تر.

* ئەو هۆكارانە دەرهاويشتەی چين كە بوونەتە پاڵنەر تا خوێنەرانی ئەدەبی كوردی تا ئەم ئاستە لە دەوری رۆماندا كۆببنەوە؟

– لە راستيدا من نازانم چۆن وەڵامی ئەم پرسيارە بدەمەوە. ئايا پێوەندی بە دروستبوونی كۆمەڵگەی شارەوە نييە؟ ئايا پێوەنديی بە ئاڵۆزبوونی ريشاڵەكانی كۆمەڵگەوە نييە؟ ئايا پێوەنديی بەوەوە نييە كە لەم بيست ساڵەی دوايدا كولتووری كوردی زياتر بە سەر كولتووری دەرەوەدا كراوەتەوە و ئاڵوگۆڕيی زياتر لە نێوان نووسەرانی ئێمە و كولتوورەكانی تردا چێ بووە؟

لە هەندێک باريشدا؛ ئايا ئەمە سەركەوتنی رۆمان لەسەر ئاستی جيهانيش ناگرێتەوە؟ رۆمان دەتوانێت خوێنەری زياتر لە دەوری خۆی كۆبكاتەوە؟ رەنگە هەمووی ئەمانە هۆكار بن، بۆ ئەوەی نووسەرانمان لە پاڵ شيعر دەست بۆ رۆمان ببەن، يان رۆمان وەک ژانرێک شوێنپێی خۆی قايم بكات؛ ئەمە حاڵەتێكی تەندروستە.

* خوێنەرانی ئێمە ئەو توانستەيان هەيە لەگەڵ رەوتە فيكرييەكانی رۆماندا پتر يەكتر

بگرنەوە، تا ئازار و نیگەرانییەکان؟

– درێوی لەلای خوێنەرانی ئێمەدا نییە، بەو مەبەستەی خوێنەر ئەو شتە دەخوێنێتەوە کە دەستی دەکەوێت، بەڵام لایەنی تر هەن کە ئاسۆی بیرکردنەوەی خوێنەر فراون دەکەن و دەیخەملێنن، سیستەمی پەروەردەیی لەم رووەوە ئەرکی خەملاندنی دەکەوێتە ئەستۆ. هەر لە هەڵبژاردنی دەقەوە بۆ شێوەی گوتنەوە و راهێنانی قوتابیان بەوەی، کە بە شێوەیەکی دروست فێری خوێندنەوە ببن. ئەگەر ئەمە نەکرێت، نووسەران و خوێنەران بە چەواشەیی و بە شێوەیەکی تەندروست هەراش نابن.

هەموو کەسێک لە توانایدا هەیە ببێت بە خوێنەری چاک، لە هەموو ئینسانێکدا قودرەتگەلێکی شاراوە هەن، بەڵام چۆن ئەم قودرەتانە کەشف دەکرێن؟ هەڵبەتە لێرەدا دەبێت جارێکی تر پەنجە لەسەر سیستەمی پەروەردە دابنێین، چونکە ئەو سەرچاوەی یەکەمە و هەر ئەویش لێپرسراوی یەکەمە. بە پلەی یەکەم مامۆستایانی زمانی کوردی، کە: تا چ رادەیەک خۆیان حەزیان لە خوێندنەوەیە؟ تا چ رادەیەک لەگەڵ قوتابیاندا کەشفی دەقی نوێ دەکەن و حافیز بۆ قوتابیان دروست دەکەن، تا وانەی کوردی نەبێتە دووبارەکردنەوەی چەند فۆرمولێکی رێزمانی و چەند دەقێک، کە وەزارەتی پەروەردە بە پێی ئیعتیباراتی غەیرە ئەدەبی بە سەر مامۆستا و قوتابیانی دەسەپێنن؟ تا چ رادەیەک ئازادیی مامۆستا لە بەرچاو گیراوە؟

* بۆچی رێژەی زۆری خوێنەرانمان بە دوای ئازاردا دەگەڕێن لە نێو ئەو رۆمانانەی دەیانخوێننەوە، ئەگەر هاتوو رۆمانێک ئەم لایەنەی بە شێوە سەڵتەکە تەوزیف نەکرد، خراپە؟

– ئەمەی تۆ دەیڵێیت زۆر راستە. ئەمەش پێوەندیی بە عەقڵییەت و شێوەی ژیانی کۆمەڵگەی ئێمەوە هەیە، هەروەها دەمێک فێرکراین کە نووسین و کاری داهێنان بە بێ موعانات مومکین نییە، واتە ئامانج موعاناتە، نەک داهێنان، چونکە ئازار دەکەوێتە پێش کردەی نووسینەوە. پاشان سەرجەم ئەو کەلەپوورەی خوێنەری ئێمەی پێ زاخاو داوە، لەسەر ئەم هاوکێشەیە ئیشی کردووە. هەموو بەیت و بالۆرەکانمان، چ جوامێری بووبێت کە لە دەور پاڵەوانبازی گردبووبێتەوە، چ دڵداری بووبێت، کە لەسەر پانتاییی دابڕان و بە یەکتری گەیشتن کاری کردبێت و سەرجەم ئەو تێماتیکانەی کە لە دەوری ئەم دوو ژانرەدا دەخوولێنەوە، پێوەندییان بە ئازارچێشتنەوە هەیە. ئازار لە ئەدەبدا ئامانج نییە، بەڵکو یەکێکە لە رەهەندەکانی ئینسان، راستە موعانات بەشێکی لە مێژووی ئینسان و کوردیش بەشەشێری بەر دەکەوێت، بەڵام تەنیا موعانات ئەدەب دروست ناکات. زۆربەی هەرە زۆری حیکایەتە خۆماڵییە کوردییەکان، کە زادەی کۆمەڵگەی دەربەگایەتین، لە دەوری

چەمكگەلێك چەق دەبەستن كە ئازار و ئەشكەنجە دەبنە بڕبڕەی پشتی دەق.

* دەشێ هەر ڕۆمانێك دەلالەت لە دەروونمان نەكات، وەكو نووسراوێكی خراپ تەماشای بكەین؟

– ئەمە حاڵەتێكی زۆر نیسبییە، ئەمە پێوەندیی بە نەوعییەتی خوێنەرەوە هەیە، پێوەندیی بەمەشەوە هەیە، كە ئێمە پرسیاری ئەوە لە خۆمان بكەین: بۆ دەنووسین و دەخوێنینەوە؟ ناكرێت رەنگێكی گشتی بەم پرسیارە بدرێت.

* دوو لە ئەركەكانی هەر نووسینێكی باش، جوولاندن و گواستنەوەن، واتە ئەفسوونمان بكات، هاوكاتیش دوورمان بكاتەوە لە خۆمان، ئەمانەش لە سەروەختی خوێندنەوەدا بەرجەستە دەبن. بەدەر لەمانەی تیشكم خستنە سەریان، یان لەوانیش كاریگەرتر، چ ئەركێكی تر هەیە بیخەینە ئەستۆی نووسین، بە تایبەتی "چیرۆك" كە بە رێژەیەكی ئێجگار كەم دەخوێندرێتەوە لە نێو خوێنەرانی ئێمەدا؟

– ئێمە نابێت ئەركێكی زۆر لە رادەبەدەر بخەینە سەر ئەدەب، هەڵبەتە ئەمەیش رەگوڕیشەی هەیە لە كۆمەڵگەی ئێمەدا. خوینەر ئازادە چی دەخوێنێتەوە، نووسەر ئازادە چی دەنووسێت، ئەمە خاڵی سەرەتایە. هەموومان وەكو یەكتری هەمان شت ناخوێنینەوە، هەمان شت نابینین، وەكو یەكتری چێژ لە شیعر، لە چیرۆك، لە فیلم... هتد نابینین. كەواتە دەبێت زۆر بە نیسبییەوە تەماشای ئەم حاڵەتە بكەین. با بێینە سەر چەمكی پاڵەوان. ئەگەر بوار هەبێت، با لێرەدا بەراوردێك لەگەڵ مێژووی ئەدەبی كوردی و ئەدەبی فەرەنسیی بكەین، بەڵكو یارمەتیمان بدات لە تیشك خستنە سەر چەند لایەنێك.

هەر كۆمەڵگەیەك تێڕوانینێكی جوداوازی بۆ مەفهوومی پاڵەوان هەیە، بە درێژاییی مێژووی فەرەنسا، هەست دەكەین ئەم چەمكە لە گۆڕانكاریی بەردەوامدایە. وێناندنی پاڵەوانەكانی "سترانە مەلحەمییەكانی" سەدەكانی نێوەند جوایەزن لە وێناندنی پاڵەوان لە دارشتنی رۆمانە "ئارتۆر"ییەكان، هەروەها بۆچوونی پاڵەوان لەلای بەلزاك جوایەزە، وەك لەلای یەكێكی وەكو ئالان رۆب گریی، بەوەی كە: ئەگەر جاران رۆمان موغامەرەی دەگێڕایەوە لەلای گریی، ئیتر نووسین خۆی دەبێتە موغامەرەیەك، كەواتە چەمكی پاڵەوان پێوەندیی بە تێڕوانین و گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتی و فیكری و عەقڵییەتی كۆمەڵگەوە هەیە.

پاڵەوانی ئەدەبی لای ئێمە، تا ئێستاش زۆر جار هەمان پاڵەوانی سەردەمی دەرەباگەیەتییە. ئازا، جوامێر، قۆز و چوارشانە، بە سەر مەرگدا باز دەدا. ئەم بۆچوونانە بە شێوەیەكی بەرچاو

لەگەڵ شەخسییەتی نوێی کوردیدا موتربە کران.

هەروەها پاڵەوانێکیشمان هەیە کە لە نێو ئیشکالیەتی عەشقدا سەقامگیر دەبێت، نموونەی فەرهاد و لاس و ئەو وێنانەی کە لە فیردەوسییەوە و وەردەگیرێن و ئەوانەی تر، کە لە رێگەی توحفەی موزەفەرییە نووسەری نوێی کورد شارەزای دەبێت و دەیکاتە سیمبولی راپەڕینی نەتەوایەتیی کوردی. لە هەردوو حاڵەتدا، دوو نەمەتی پاڵەوانی سەردەمی دەرەباگەیەتین، کە رەنگە تا ئێستایش زاخاوی گوێگران و بینەرانمان بدەن، تەنانەت تا پەنجا و شەستەکان، تا رادەیەکی ئێجگار بەرچاو، دەبن بە تاقە نەمەتی پاڵەوانی ئەدەبی لای ئێمە. ئیتر لە شەست و حەفتاکانەوە پاڵەوانی ئەدەبی، دەبێت بە ئینسانێکی سەر بە چینی مامناوەند، نیمچە رۆشنبیرە، پرسیاری نەتەوایەتی و چینایەتی تێکەڵ بە دڵەڕاوکێ و بگرە و بەردە لە بننەهاتووەکانی نێوان شار و شاخ دەکات. بە واتایەکی تر، پاڵەوانی واقیعی دێتە کایەوە.

وەکو تۆیش دەڵێیت، شیعریش وەک کورتەچیرۆک، هەمیشە خوێنەری کەمی هەیە؛ ئەمانە دوو ژانری عاسین. با دیقەت بدەین: چ دەقێکی شیعری خوێنەرێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە؟

یان ئەوەتا شیعری دڵدارییە، نەمەتی شیعریی قەبانی، واتە شیعری دڵداری، کە تەزوویەکی رۆمانسی تێدا لە بەرچاو بێت، یان ئەو شیعرانەی واتا رووتەکانی نەتەوایەتیی "بە مانا سیاسییەکەی" دەکاتە تاقە تێم و تاقە ئیشکالییەت، کە رەگوریشەکەی لە حاجی قادرەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ لای پیرەمێرد و دڵدار و گۆران و شێرکۆ بێکەس و پەشێو. هەر شاعیرە و بە پێی قۆناغەکەی خۆی، بە پێی کەرەسەکانی خۆی، بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی خۆی، گەشە بەو جۆرە شیعرە دەدات، بەڵام فیکرەی نەتەوایەتی تێماتییەکی سەرەکی و هاوبەشە. ئەگەر شیعری نەمەتی قەبانی لەم قۆناغەدا باوی زیاتر بێت، ئەوە بە پێچەوانەوە، نەمەتی دووەم لە قەیرانێکی تەواودایە. شاعیرانی ئەم نەمەتە شیعرییە لە هەموو کەس زیاتر درکی پێ دەکەن.

* بۆچی زۆربەی کارئەکتەر و پاڵەوانەکانی رۆمان و چیرۆکە کوردییەکان ئەفسانەیی و سوپەرمانین؟ بۆچی زیندەوەران و سروشت تا ئاستێکی باش تەوزیف نەکراون لە نێو ئەم دوو ژانرە فرەڕەهەندانەدا؟

– سەرەڕای ئەوەی نووسین بە زمانی کوردی چەندین سەدەیە مومارەسە دەکرێت، بەڵام بە رای من، ئێمە ئێستا، بە مانا هەرە وردەکەی، لە سەرەتای نووسین داین. زمانی رۆژنامەگەری و زمانی سیاسەت و زمانی قانوون و زمانی زانست خەریکە دەخەمەڵێن. بە واتایەکی تر، ئێمە لە سەرەتای دروستکردنی کۆمەڵگەی کوردیین، بە واتا نوێکەی، لە سەرەتای دامەزراندنی دامەزراوەی پیشەیی و.. هتد.

بە کورتی، ئێمە لە قۆناغی بناغەدانانین. لێرەدا زمان ڕۆڵی هەرە سەرەکی دەبینێت، بۆیە ئەم تەجرەبەیەی لە کوردستان لە ئارادایە، دەبێت بە ڕەخنە و لێپرسراویی ئاو بدرێت.

بە ڕای من هێشتا زۆر زووە بۆ ئەوەی ئەدەب بە تەواوی ڕچەکانی خۆی وەربگرێت. ئێمە دەبێت تا سەدەیەکی تریش، بە بێ وەستان بنووسین و بخوێنینەوە و پرسیاری بنەڕەتی بورووژێنین، تا ئەدەبەکەمان شەقڵێکی تایبەت و سروشتی خۆی وەردەگرێت.

**هێشتا زۆر زووە بۆ ئەوەی ئەدەب بە تەواوی ڕچەکانی خۆی وەربگرێت. ئێمە دەبێت تا سەدەیەکی تریش، بە بێ وەستان بنووسین و بخوێنینەوە**

* دەتوانین بڵێین کولتووری ڕۆژهەڵات کولتوورێکە دەکرێ ببێت بە کەرەسەی گەلێک داهێنان، بەڵام دەبینین ڕۆژهەڵاتییەکان سوودی ئەوتۆیان لێی وەرنەگرتووە لە بەرامبەر ڕۆژئاواییەکاندا. بۆ نموونە ئەگەر تەماشای قەسیدەکەی "ئیلیتیس" واتە: "ئیلیش" بکەین کە ئێوە خۆتان وەرتان گێڕاوە، دەبینین لە زۆر شوێندا سوودی لەم کولتووره وەرگرتووە، لە کاتێکدا خۆی ڕۆژئاواییە. ئەوە نووسەرانی ئێمەن کە جیهانبینییان تەسکە و ناتوانن لە کولتوور دەقی ئافرێنەرانە بەرهەم بێنن، یان بینینی هەر کولتوورێک لە دوورەوە باشتر قووڵاییەکانی دیار دەکەون؟ یان چی؟ ئێوە کە ئەم قەسیدەیەتان وەرگێڕاوە، لە سەرەوەختی خوێندنەوەی، هاوکات وەرگێڕانی و دواتریش، تا چەند کۆمەککارتان بووە، تا وەک کەسێکی بە ئەزموون، جوایەزتر و زێتر لە پێشوو لە ڕەهەندەکانی شیعر وردببنەوە؟

**کۆوار دەبێت خاوەن پرۆژەیەکی دیاریکراو بێت، کۆمەڵێک کەس لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بە مەبەستی ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و.. هتد**

- کولتوور چەمکێکی زۆر فرەلایەن و هەمەچەشنە. کاتێک باسی ڕۆژهەڵاتیش دەکەین، هەڵبەتە مەبەستمان شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامییە، کە کورد تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمیش لە

ژێر چەتری ئەو شارستانییەتەدا بوو. هەموو شاعیرە کلاسیکییەکانمان لەو سەرچاوەیەدا تویێشووی مەعریفەی خۆیان دەخەملێنن، بیر دەکەنەوە و دەنووسن، ئەم کەلەپوورەش بەشە شێرەکەی بە زمانی عەرەبی نووسراوە.

دەبێ بە وردی پێناسەی "سوود وەرگرتن" بکەین. مەبەستمان چییە؟ بۆ نموونە، شەریکەی والت دیزنێ، سوودی لە "هەزار و یەکشەوە" وەرگرتووە و چەندین فیلمی کارتۆنی چێ کردووە، کە ڕۆژهەڵاتیشی تەنیوە؛ ئەمەش سوودوەرگرتنە.

ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ناتوانین سوود لە کەلەپووری ڕۆژهەڵات وەربگرین، تا پرسیار ئاراستەی ئەو کەلەپوورە نەکەین، پرسیاری جدی، پرسیار لە هەموو دیاردەیەک و لە هەموو ئەو بنەمایانەی ئەم کولتوورەیان پێک هێناوە.

دەبێت کولتووری چالاک لە داوونەریت و ترادسیۆن جوایەز بکەینەوە. ئێمە هێندەی لە ژێر بارستاییی داوونەریت داین، هێندە نەمانتوانیوە ببین بە خاوەن ئەو کولتوورە چالاکە. بۆ نموونە، بابەتی نووسەرێکی کورد لەسەر سایتە کوردییەکان دەخوێنیتەوە، بە حسێبی ئەوەی لە نەوەی نوێیە و لە خانەی نوێخوازەکان دادەنرێت، بابەتی ناوبراو لەسەر فیکری ڕۆژئاوایە و ناوی کەڵەنووسەران و فەیلەسووفانی کیشوەرە کۆنەکەی هێناوە، بەڵام کاتێک تەماشای سەرچاوەکە دەکەین، تەماشا دەکەین لە سەرچاوە عەرەبییەکانەوە وەرگیراون، جا چ تەرجەمە بێت، چ کاری ئامادەکراو... هەروەها هیچ بیرکردنەوەیەکی شەخسی تێدا نییە. بە ڕای من فیکر گواستنەوە بە کاریگەریی دروست ناکات، دەبێت ئیش لە قووڵاییەکان بکرێت.

بە ڕای من، ئەمە ئیشکردن نییە لەسەر کولتووری چالاک، یان بە چالاککردنی کولتوور نییە، زۆربەی هەرە زۆری کۆوارە کوردییەکانیش بەم شێوەیە ئیشیان کردووە و دەکەن، هەر لە کۆواری "بەیان" و "ڕۆشنبیریی نوێ"وە بیگرە، تا دەگات بە "ڕامان" و "هەنار"؛ هیچ یەکێک لەم کۆوارانە ستراتیژییەکی دیاریکراویان نییە؛ هەموو شتێک بڵاو دەکەنەوە؛ دەقێکی نیمچە سوریالی لە پاڵ بابەتێک لەسەر کاوێس ئاغای سترانبێژدا دادەنێن، ئەمەیش هۆشیاری لە نێو کولتوورێکی دیاریکراودا دروست ناکات، بە قەد ئەوەی کە تەنیا ئیشی کۆکردنەوە و عەمبارکردن دەبینێت. کۆوار دەبێت خاوەن پرۆژەیەکی دیاریکراو بێت، کۆمەڵێک کەس لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بە مەبەستی ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و.. هتد. لە کۆتاییدا، بۆ ئەوەی شتێکی دیاریکراو بگوترێت.

کەواتە دەبێت مەنهەجی ئیشکردنمان لە نێو کولتووردا بگۆڕین. کاتێک بابەتێکی لە بارەی فیکری ڕۆژئاوا دەورووژێنین، تەنیا بە ناوهێنان و سەردکردن کۆتایی نایێت، بە پێچەوانەوە دەبێت؛ کاتێک ئێمە فیکری ڕۆژئاوا دەخوێنینەوە، دەبێت ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ فیکری ئەواندا بکەین، بەو پێیەی کە نەبێت بە هەڵڕشتنی ناو و لیستی مێژوویی و سەرهەڵدانی مێژوویی ئەو فیکرە،

بەڵكو  بە قـووڵی مـامـەڵەی لەگـەڵ بكەین و پرسـیـاری جدی لەمـەڕ كولتـووری خـۆمـان بورووژێنین، كاتێكیش میكانیزمی ئەم كارە دەدۆزینەوە، كە لە هەمان كاتدا شارەزایی لەمەڕ كولتووری خۆمان ئەنجام دەدەین، لە هەمان كاتیشدا ئەوی تر دەناسین.

لێرەوە، بانگەشەی ئەوە دەكەم كە رۆشنبیری كورد، دەبێت بە لانی كەمەوە زمانێكی رۆژئاوایی بزانێت، بۆ ئەوەی ببێت بە سـەرچاوە بۆ لێروانینەكانی. ئەم كـەلێنە خێـرا هەسـتی پـێ دەكرێت، كاتێك بابەتێكی دیاریكراو دەخوێنینەوە.

بۆ نموونە، كـاتێك ئیلیـتسم تەرجـەمـەی كـوردی كرد، دەیان پرسـیـارم لە خۆم دەكـرد، هەر لە مـیـعـمـاری شـیـعـرەكەوە، تا دەگـات بە چەمكی شـیـعـری سـیـاسـی، كـە لە وڵاتەكەی ئێـمـەدا دەبێـتـە دەهـۆڵێكی گـەورە و تەنیـا گـوێمـان كـاس دەكـات، بـە بێ ئەوەی راچـەڵەكـانێكی پۆزەتیـڤـمـان لەلا دروست بكات. یەكێك لە گرینگییەكانی "ئیلیتس" لەوەدایە كە شارەزای كولتووری سەردەمـەكەی خـۆیەتـی، لە پاریس؛ سـوریـالیـیـەكـان لە نزیكەوە دەناسـێت، ئەمـە وێـڕای شـارەزایی لە كـولتـووری یۆنانیی كۆن، كولتووری عیرفانیی رۆژهەڵات.

لەم رووەوە كولتـووری ئێمە دەمێكە لە لاترازانێكـی زەمەنی و مەنهەجیدا دەژیێت. بۆ نموونە، ئەو سـەردەمـەی كـە مـەحوی شـیـعـری تەسـەوف دەنووسـێت، دەمـێـك بوو ئەو جـۆرە شـیـعـرانە چ لە نێـو توركـان، كـە سـەردەم سـەردەمی لاوە توركـەكانـە، كە مـزگێنییـان بۆ توركـیـای نوێ پێیـە، چ لە نێـو فـارسـان، كـە سـەردەمـی حـافـز دەمـێكە لە كـەلی قـۆنـاغـەكـانەوە ئـاوابووە، چ لەلای عەرەبەكـان كـە لە سـەردەمـی نەهزەدان.

ئەم لاترازانە ئێسـتـاشمـان دەگرێتەوە. ئێمە یەك دوو دەیەیە دەزانین سـوریالییەت چییـە و لێرە و لەوێ لاسـایی دەكرێتەوە، لە كـاتێكدا سـوریالییـەت وەكو رێبـاز لە بوارەكـانی سـینەمـا و تەشكیل و شـیـعـر و شـانـۆدا، لە دوای جـەنگی جـیـهـانیی دووەمـەوە، هـەر دوا بـە دوای پەرتوبـڵاوبوونەوەی ئەندامـەكانی، جـارێكی تر وەكو گرووپ، سـوریالییـەت دروست نابێـتەوە. ئەمـە مـانای ئەوە نییـە كـە سـوود لەو چالاكییە مـەزنە وەرنەگیـرێت، بەڵام دەبێت بە شـێـوەیەكی ناوەكی كـاری لەسـەر بكرێت، نەك بە شـێوەیەكـی رووكەش و لاسـاییكردنەوەی شـێوەی ژیان و بیـركـردنەوە و هەڵسـوكەوتیـان، بۆ ئەوەی هونەر نەبێتە تەهریج و لاساییەكی بێ روح.

نموونەیـەكی تر: تا مـاسـینـۆن هەلاجی نەدۆزییـەوە، دەمـێـك بوو رۆژهـەڵات نەیـدەزانی هـەلاج چ كارە بووە، بۆ كورتكردنەوە ئەم بابەتە، كەشفكردنی ئەوی تر بە بێ كەشفكردنی زات مومكین نییە. ئێمـە تا ئێستـا كارێكی رەخنەئامێزمان دەرهـەق بە كولتـووری خۆمان چێ نەكـردووە، چۆن بتوانین درك بە خۆمان بكەین؟ ئەمە ئیشێكی دوو فاقەیە.

گـەلێك جـار بە هـەڵە، یان بە نیـوەچڵی لـە تێـرمی "مـۆدێرنیـتـی" گـەیشـتـووین. بۆ نمـوونە، لە

حەفتاکان بەکارهێنانی ناوگەلێکی وەک مەم و زین، لاس و خەزال، فەرخە و کەسانی تر جێیان بە شیرین و فەرهاد و لەیل و مەجنوونی شاعیرانی کلاسیک چۆڵ کرد، ئیتر وا هەست کرا کە شتێکی زۆر گەورەمان کەشف کردووە، لە راستیدا ئەمە کەشف نەبوو، بەڵکو بەخستەبر بوو. شتگەلێکمان لە جوایەزتی شتگەلێکی تر دانا، وەکو لە یاری شەترەنج و دامەدا هەیە و دەکرێت قونگەجگەرە لە جوایەزیی پادشا یان داشێک دابنرێت. هیچ شتێک لە گەمەکە ناگۆڕێت، هەمان یاسا و رێسا یارییەکە بەڕێوە دەبات. ئەوەی گرینگە لە کولتووردا ئەنجام بدرێت شوێنگۆڕینی سیمبۆڵ و هێما و ئاماژەکان نییە، بەڵکو سیستەمەکانە، ئەمە بە نیسبەت سیاسەت و گەمە کۆمەڵایەتییەکانیشمان هەر راستە، کە ئیش لە سەر بنەماکان بکەین.

بۆیە دیقەت دەدەین، سیستەمی دیموکراسی و بنەمای خێڵەکی قەت پێکەوە هەڵناکەن، ئەگەر ئێمە کار لەسەر بنەماکان نەکەین، موفارەقەکان کۆدەبنەوە و ئەمرۆ نا سبەی دەتەقنەوە.

**ئەدەبی تاراوگە، ئەو ئەدەبە دەگرێتەوە کە نەیتوانی بە شێوەیەکی سروشتی لە وڵاتەکەی خۆیدا گەشە بکات"**

**ئێمە وەکو نووسەر لە کوردستان هەڵدێین، بەڵام وەکو پەناهەندە پێشوازیمان لێ دەکرێ**

* تۆ یەکێکی لەو نووسەرانەی، دەکرێت بڵێم لە ئێستادا بە شێوەیەکی بەرفراوان تێکەڵ بە کولتووری رۆژئاوابوویت، ئەمەیش لەو دەریچەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە ساڵانێکە لە تاراوگە دەژییت و دەقگەلێکی جیهانیشت وەرگێڕاون. ئایا دەتوانین بڵێین ئێمە وەکو کورد ئەدەبمان هەیە لە تاراوگەدا؟ راڤەت بۆ دەستەواژەی "ئەدەبی تاراوگە" چۆنە؟

**ئەدەبی سەدەی نۆزدە، تا زەمانی گۆرانیش هەر بەردەوامە**

– من لە نێوەڕاستی هەشتاکان بابەتێکی رەخنەی ئەدەبیم لە کۆواری "یەکگرتن" نووسی، کە هەڵکەوت عەبدوڵا سەرنووسەری بوو. لەوێدا دەڵێم: "ئەدەبی تاراوگە، ئەو ئەدەبە دەگرێتەوە کە نەیتوانی بە شێوەیەکی سروشتی لە وڵاتەکەی خۆیدا گەشە

بکات". ئایا ئەم پێناسەیە بۆ ئێستاشمان دەشێت. دەکرێت بە بەڵێ و نەخێر وەڵام بدرێتەوە.

چونکە لەم سی ساڵەی دواییدا گەلێک گۆڕانکاریی بە سەر نەخشەی سیاسیدا تێ پەڕیون. ئێمە نەوەی نسکۆ و شەڕی ئێران و عێراق بووین. بوونی ئێمە لە رۆژئاوا بۆ سەرجەم ئەو نەهامەتییانە دەگەڕایەوە، کە لە وڵاتدا روویان دا. گەڕان بە دوای ئاووهەوایەکی گونجاو، بۆ ئەوەی ئیدامە بە ژیان بدەین و گەڕانەوە مومکین نەبوو، واتە مەسافەیەکی جوگرافی لە نێوان ئەو کوردانەی لە رۆژئاوا دەژیان، لەگەڵ کوردستان دروست بوو، سەرەڕای بارستاییی جوگرافی، بارستاییی دەروونی و کۆمەڵایەتیش دروست دەبێت، هەڵبەتە ئەمە جوایەزە لەگەڵ ئەو نەوەیەی لە دوای راپەڕینەوە پەنایان بۆ رۆژئاوا هێنا.

ئەمە وەڵامی ئەو پرسیارە بوو: ئایا تاراوگە هەیە؟ بۆیە بە رای من ئەم چەمکە هەمیشە شایان بە پێناسەکردنە، پاشان پێناسەکردنی ئەم چەمکە زیاتر سۆسیۆلۆجی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە، وەک ئەوەی ئەدەبی بێت. ئەگەر نووسەرێکی کورد بە ئارەزووی خۆی وڵاتێکی رۆژئاوایی هەڵبژێرێت، بۆچی بڵێین فلانە نووسەر لە تاراوگەیە؟

زۆر لە نووسەرانی دنیا بە هۆکاری جوایەز لە دنیادا پەرش و بڵاوبوونەتەوە، ئایا بەرهەمی ئەمانەش بەرهەمی تاراوگەیە، دەبێت زۆر بە دیقەتەوە چەمکگەلەکان هەڵسەنگێنین و پێناسەی دیاردەکان بکەین.

لە رووی داهێنانیشەوە، تاراوگە هیچ بایەخێکی نییە، چونکە ئەو پانتاییەی داهێنەر ئیشی لەسەر دەکات، گەلێک لەوە فراوانترە لە چەمکی "تاراوگە" و چەمکی ناوەوەی "وڵات" دیاری دەکات، واتە قەت مومکین نییە تاراوگە ببێ بە پێوەر.

* لە دوای نەوەدەکانیشەوە کۆمەڵێک گەنجی نووسەر و ئاسایی، روویان لە تاراوگە کرد، بەشێکی زۆر لەو گەنجانەش نائومێدترین گەنجەکانی کوردن. ئەوە بۆچی لە کوردستاندا نائومێدی تەنگی هەرە گەورە بە نووسەر و کەسانی بیرکەرەوە هەڵدەچنێت؟ ئێستاش ئەم شاڵاوی راکردنە بەردەوامە، لەم رۆژانە هاوڕێیەکم کە لە سلێمانی دەژیا، سەری خۆی هەڵگرت، کە دەکرێت وەک "کاروان عومەر کاکەسوور" ناو لەم هاوڕێیە و هاوتەمەنەکانی بنرێت "نەوەی دووەمی دوای راپەڕین". هۆکاری ئەم نەوەیە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

– راکردن لە کوردستان هۆکاری زۆری هەیە. لە نەوەدەکانەوە دەروازە دارینەکەی کوردستان درزی تێ کەوت؛ قەیرانە هەمەچەشنەکانی وڵاتی کوردان رێگەی بۆ هەڵاتن خۆش کرد؛ نووسەر و شۆفێری تاکسی، مامۆستای سەرەتایی و سەرتاش وەکویەک دەیانویست هەڵبێن؛ ئێمەش تاقە

میللەت نین کە جیهانی وێرانی خۆمان جێ دەهێڵین. ئەمڕۆ جیهان بووەتە دوو بەشەوە، بەشێک لە باشوورە و خەڵکەکەی تا بۆیان بکرێت بۆ بەشەکەی تر هەڵدێن، کە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانی و خۆشگوزەرانی تێدایە، هەروەتر هەموارتریشە بۆ ژیان.

گیرسانەوە لە جیهانی باکووردا، ڕەنگە ڕێگە بۆ نووسەری هەڵاتوو بکاتەوە، کە لە ڕێگەی زمانانی ترەوە گەشە بە کایە مەعریفییەکانی بدات، بەڵام تا ئێستاش باس لە سەرجەم ئەو کێشە و گرفتانەیش نەکراوە کە نووسەری کورد تێیدا دەژیێت.

ئێمە وەکو نووسەر لە کوردستان هەڵدێین، بەڵام وەکو پەناهەندە پێشوازیمان لێ دەکرێ. بە واتایەکی تر؛ نووسەر ئینسانێکی مەجهووڵە، تا دەمێکی تریش هەر بە مەجهوولی دەژیێت، چونکە ڕۆشنبیری پێویستی بە سیاقی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆی هەیە، ئەمە گرفتێکی سایکۆلۆجی بۆ نووسەر دەنێتەوە، واتە نووسەر دەبێتە خاوەن دوو شوناس، پەناهەندە لە ئەورووپا؛ نووسەر لە کوردستان. وجوودی خۆی وەکو نووسەر تەنیا لە ڕێگەی سایت و کۆوارەکانی وڵاتەوە ئیسپات دەکات.

هەڵاتنی باشوور بەرەوە باکوور، دیاردەیەکی جیهانییە. ناوهێنانی نەوەکان بە نیسبەت منەوە، زۆر جدیی نییە، هەروەها زانستیش نییە؛ پاشان نەوە لە سی و پێنج ساڵ پێک دێت، نەک لە دەیە. ئێمە سەد ساڵ زیاتریش دەبێت، ڕەنگە بۆ کورد هەر هەموو مێژووی بگرێتەوە، کە هەر هەموومان سەر بە نەوەی شکست و لێقەومان و هەڵاتنەکانین.

وردتر: ئەدەبی سەدەی نۆزدە، تا زەمانی گۆرانیش هەر بەردەوامە. دنیای غەزەل و عرووز و مەعریفەی کلاسیک؛ سەدەی بیستەم هەموو وزەی ئەدەبی لە پێناو بەرگری و خۆسەلماندنی نەتەوایەتی خەرج دەکات. ڕەنگە لەمە بە دواوە ڕوخسارە فرەکانی ئەدەبی کوردی خۆیانمان پێ نیشان بدەن.

* زۆربەی "ئەگەر نەڵێم هەموو" ڕۆشنبیر و شاعیرانی کوردی تاراوگە، هەموو نیگەرانییەکانیان بۆ نێو نووسین دەگوازنەوە، تەنانەت لە گەلێک دەقدا کە خوێندوومانەتەوە، ئاستی نووسینەکە زۆر نزم و ساکار دەبێت و ناتوانین وەکو"دەقی ئەدەبیی"یش تەماشای بکەین. تۆ نموونەیەکی بەرچاوی لەو نووسەرانەی کە "نیگەرانیی و ئازار"یان وەکو "خودی نیگەرانیی و ئازار" وەرگرتووە، نەک وەکو نوستالژیا و غەریببوونی نووسەر لە شارێکی تر، وڵاتێکی تر. هۆکار چییە کە تۆ لەگەڵ شێوازی وەرگرتنی ئازاری ئەوانی تریدا یەکتری ناگریتەوە و وەک ئەوەی لە کوردستاندا بنووسیت وەهای؟

– شاعیرانی پێش ئێمە وەکو پەشێو و شێرکۆ، هی سەدەی نۆزدەیەمیش، وەکو نالی و حاجی، کە نوستالیژیی وڵات دەبێت بە یەکێک لە سەنتەرەکانی واتا دروستکردن لایان، بوونە کەرەسەی شیعری بۆ نەوەکانی دوای وان، هەروەها لەلای شاعیرانی نەوەی ئێمەش ئەم تەزووە نوستالژییە رەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە، لەلای فەرهاد پیربالْ کە ئێگزیل، واتە تاراوگە دەکات بە ناوونیشانی یەکێک لە نامیلکە شیعرییەکانی، منیش "زەردک" هەڵدەبژێرم بۆ یەکێک لە نامیلکەکانم، کە ناوی ئەو گوندەیە کە شەش ساڵی منداڵیم تێیدا بە سەر بردووە، بەڵام من هێندەی هەوڵی دروستکردنەوەی "زەردک"ی وێرانکراوم لە رێگەی وێنەی شیعرییەوە داوە، هێندە ئارەزوومەندیی خۆم پێشان نەداوە بۆ گەڕانەوە. راستە هەندێک جار هەست بەو تەزووە دەکرێت، بەڵام وێنەی شیعری ئەم واتایەم بۆ دادەپۆشێت و شیعر لە نوستالژیا رزگار دەکات.

پاشان هەست بە نوستالژیاکردن زۆر شەرعییە، بەڵام ئێمە باس لە داهێنانی شیعری دەکەین، نەک پرۆژەی گەڕانەوە، ئەویش دیسانەوە هەر شەرعییە، بەڵام پرۆژەی گەڕانەوە نەک بەو مەبەستەی گەڕانەوە بێت بۆ رابردوویەکی وەستاوی مردارەوەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە، وەها باشە کە گەڕانەوەیەک بێت بۆ هەڵسانەوە و دروستبوونەوە.

بۆ نموونە، دوای ئەوەی پرۆژەی گەڕانەوە بۆ یەکێکی وەک شێرکۆ بێکەس دەخەمڵێت، لە شیعری "کورسی"دا زۆر بە نێگەتیڤی رەنگ دەداتەوە؛ واتای شیعریی نۆستالژیا دەبێت بە واتایەک کە هێندەی پەیوەندیی بە وەهمی سیاسییەوە هەیە، هێندە پەیوەندیی بە وەهمی داهێنانەوە نییە، چونکە ئەو "ئازادی"یەی باسی لێوە دەکات، کە دەچێت لە سەر "کورسی" دادەنیشێت، تەنیا تەعبیر لە ئازادییەکی کەلەپچە لە دەست دەکات، بە دانیشتنی ئازادییش لەسەر کورسیدا، هەموو پرۆژەکانی ژیان پووچ دەبنەوە. ئەمە چەقبەستنی واتاکانی ئازادییە لە رۆژهەڵات، ئەمە چوارچێوەڕێژکردنی چالاکییەکانە، چونکە ئەو ئازادییەی لە ١٩٩١ەوە، یان لە ٢٠٠٣وە بەرقەرار بووە، تەجرەبەکان ئەوەیان بۆ سەلماندین کە: دەبێت نەقیزەیەک لەو ئازادییە دانیشتووەی سەر کورسییەکە بدرێت و بچالاکێندرێت، چونکە ئەو ئازادییەی ئەو باسی لێوە دەکات، هەرگیز کافی نییە نەک تەنیا بۆ هەرێمێکی وەک کوردستان، بەڵکو بۆ هیچ ناوچەیەکی دنیا. هەموومان بە چاوی خۆمان دەبینین کە تەنیا بە ئازادی کوردستان بەڕێوەناچێت؛ بەڕێوەبردنی کوردستان پێویستی بە گرووپێکی تەکنۆکرات و گرووپێک پسپۆڕ لە هەموو بوارێکدا هەیە، ئەمە لە پاڵ شەفافییەت و پرۆژەگەلی کولتووری، کە کوردستان لە چاخە ناوەندەکانەوە بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی بگوێزێتەوە. چەمکی ئازادی، چەمکێکی فرەلایەن و ئاڵۆزە، دەبێت بە دیقەت و لە شوێنی خۆی بە کار بهێنرێت.

ئازادیی شیعری و ئازادی سیاسی دوو تێگەیشتنی جوایەزن لەم بوارە و هەروا بۆ ئیستهیلاکی

مەحەلی، ڕەمەکییانە بە کاریان نەهێنین.

ئەوەی پێوەندیی بە نوستالژیا و شیعرەوە هەیە، یان نیشتیمان و شیعرەوە هەیە، شێرکۆ بێکەس بە ڕاشکاوی دەڵێ: "ئەگەر کوردستان لە شیعرەکانم دەربێنن، هەموو شیعرەکانم دەمرن". ئەم تێگەیشتنە هێندەی سیاسییە، هێندە شیعریی نییە. دەمێکە بارستاییی نیشتیمان بە مەفهوومی کۆمەڵایەتی و بە مەفهوومی سیاسەت، شیعری کوردی، چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە، ژاکاندووە.

قەت پرسیاری ئەوەمان لە خۆمان کردووە: لەو موفارەقەیە تێ بگەین، کە دوای ئەوەی نالی قەسیدە نوستالژییە بەناوبانگەکەی دەنووسێت و دەیداتە دەم با، تا بیباتەوە بۆ سلێمانی، پاشانیش، دوای حەجکردن دەچێتە پایتەختی ئەو ئیمپراتۆرەی بوو بە هۆی دەربەدەرکردنی و ئاوارەبوونی خودی خۆی؟ وەکو ئەوەی شاعیرێکی خەڵکی هەڵەبجە، دوای ئەوەی شارۆچکەکەی کیمیاباران دەکرێت، جانتاکەی هەڵبگرێت و بچێتە پایتەختی ئەو وڵاتەی کە زێدی ئەویان خاپوور کرد. من کە ئەمە دەڵێم، پێویست بەوەش ناکات ئەوە دووبارە بکەمەوە کە نالی یەکێکە لە گەورەترین شاعیری سەدەی نۆزدەیەممان و بگرە لەمەش زیاتر، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە کە کەلەپووری خۆمان بێنینە زمان و پرسیاری ئاراستە بکەین.

* ئەو کەلەپوورە چۆن دێتە زمان؟

– تۆ شاعیریت و دەزانیت کە کەلەپووری کلاسیکی کوردی، سەر بە کەلەپووری ئیسلامییە، بەڵام بۆ ئەوەی نالی بێنینە زمان، نابێت تەنیا لە ژێر ڕۆشناییی بەلاغەتی عەرەبی و باکگراوندی ئیسلامییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، یان تەنیا لە ڕێگەی سۆزی نەتەوایەتی و "بادی خۆشمرور"ەوە دڵی ئێستامانی پێ بدەینەوە، مەبەستم ئەوەیە: دەبێت وەک دەق مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و بنەماکانی شیتەڵ بکەین؛ لێرەوە بیهێنینە زمان.

ئەوەی تا ئێستا کراوە کەمبڕە، بۆ نموونە: هەموو شاعیرانی کوردی هاوچەرخ، کاتێک دێرە شیعرێکی نالی، یان مەحوی دەترنجێننە نێو شیعرەکانیان، یان وەکو ئیپیگراف لە سەرەتادا دای دەنێن، هێندەی تەعبیر لەو کەش و هەوای نەتەوایەتی، یان ڕۆمانسییە دەکات، هێندە تەعبیر لەوە ناکات کە بە ڕاستی ئەم شاعیرانە کەلەپووریان بە تەواوی خوێندووەتەوە، چونکە هێندەی هەست بە ئیسقاتات دەکەین، هێندە هەست بەوە ناکەین کە ئەم دەقانە بە جدی خوێندراونەتەوە.

من لەم ماوانە بەیتێکی "نالی"م خوێندەوە، کە زۆر بە جوانی سیستەمی خوێندنی حوجرەمان بۆ ئاشکرا دەکات، حوجرە بە زیندان دەچوێنێت، کەس ئاوڕی لەم بەیتانە نەداوەتەوە...

* وەک دەزانین؛ وەرگێڕان پردێکە بۆ بە یەکترگەیاندنی دوو کولتووری جوایەزی دوو

میللەت بە یەکتری، کەم تا زۆریش وەرگێڕی کورد ئەو هەوڵەی داوە کە کولتووری خۆی دەوڵەمەندتر بکات، لەگەڵ ئەمەیشدا کەموکورییەکی بەرچاو دەبینرێت لە وەرنەگێڕانی دەقگەلێکی زۆر، کە دەتوانین وەک مەرجەعیش سوودیان لێ وەربگرین. بۆ نموونە، لە ئەدەبی فەرەنسیدا جگە لە وەرگێڕانی کۆمەڵێک شیعری "پۆل ئێلوار" و "ئۆکتاڤیۆ پاز" و چەند نووسەرێکی تر، دەقگەلێکی تر نین بۆ ئەو خوێنەرانەی کە تەنیا زمانی کوردی دەزانن. بە حوکمی ئەوەی تۆ شارەزایت لە زمانی فەرەنسی، هاوکات دەقگەلێکی بۆ نموونە "ئارتۆر رامبۆ، ئۆکتاڤیۆ پاز، شارل بۆدلێر و ئیلیتیس ئۆدیسیوس"ت وەرگێڕاوە، پێتوایە کێن ئەوانەی لەو زمانەوە دەتوانن "تا ئاستێک" بە دەستپاکی دەق وەربگێڕن؟ هاوکات ئەو دەقگەلە گرینگانە کامانەن کە پێویستە بە زووترین کات وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، تا لەم رێگەیەوە بە شێوەیەکی قووڵ ئاگەداری ئەدەبی فەرەنسی بین؟

**بە بێ تەرجەمەیەکی بەرنامەرێژکراو، کوردستان ناتوانێت لەسەر پێی خۆی راوەستێت، نەک تەنیا لە بواری کولتوورییەوە، بەڵکو لە بوارە هەرە حەیاتییەکانیش**

– ئەوەی ئێمەمانان دەیکەین بە نوقستانی دەستی پێ کرد و بە نوقستانیش کۆتایی دێت، چونکە ئەم کارە تەرجەمییانەی ئێمە لەسەر بناغەی چێژ و سەلیقەوە بووە؛ قەت کارێکی پرۆفیسیۆناڵ و بەرنامەرێژ نەبووە. بۆ نموونە، من چوار مانگ بوو لە ئەوروپا بووم، وانەی فەرەنسیم دەخوێند لە شاری جنێڤ، رۆژێک بە برادەرێکم گوت: من تا رامبۆ و بۆدلێر تەرجەمە نەکەم هەست ناکەم فەرەنسی فێربوومە. ئەوەبوو دوای چەند ساڵێک هەردووکیانم تەرجەمە کرد. لە حاڵەتێکدا من و چەندین کەسی وەک من، لە سەرەتای هەشتاکان کوردستانیان جێهێشت، لە پێناوی ئەوەی ئیدامە بە ژیان بدەین. هیچ خۆڕێکخستنی پێشوەختە و زەماڵە وەرگرتن و بەرنامەرێژییەک لە گۆڕێدا نەبوو،

**زۆر جار ئێمە بە هەڵە تێ دەگەین، کە کولتوور و کتێب لە یەک ئاستدا دادەنێین؛ کتێب بەشێکە لە کولتوور**

بۆیە دەڵێم ئێستا وەزارەتە پێوەندیدارەکان، بە تایبەت وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەبێت بیکاتە بەرنامەی خۆی، هەر لە ناردنی کادیر بۆ دەرەوە، تا دامەزراندنی بەشی تەرجەمە، چونکە من بە دڵنیاییەوە دەڵێم: بە بێ تەرجەمەیەکی بەرنامەڕێژکراو، کوردستان ناتوانێت لەسەر پێی خۆی راوەستێت، نەک تەنیا لە بواری کولتوورییەوە، بەڵکو لە بوارە هەرە حەیاتییەکانیش.

ئەم کارە بە کەس و دوو کەس ئەنجام نادرێت، پێویستی بە لەشکرێک هەیە، تا ئەو رادەیەی سەرچاوەی زانستی و هونەری و ئەدەبیی کتێبخانەکانی دانشگاکانمان سیخناخ دەکات. بە بێ ئەم کارە، سەرجەم ئەو پرۆژانەی کە پێوەندییان بە لێکۆڵینەوەی زانستییەوە هەیە، لەسەر یەک پێ هەنگاو دەنێن.

دەبێت لە داهاتوودا کتێبخانەی کوردی لە سەرچاوە جیهانییەکەی ئاو بخواتەوە، ئەمەیش تەرەف نییە، بەڵکو پێداویستییەکی مێژووییە.

* تۆ کە ساڵانێکی زۆرە لە تاراوگەیت، توانیوتە لە "سەرچاوە جیهانییەکە"وە ئاو بخۆیتەوە؟

– سەرچاوەکانی رۆژئاوا فرەن، مەرج نییە تەنیا لە رێی کتێبەوە بێت. ژیان لەم وڵاتانە و هەڵسوکەوت لە نێو کولتوورێکی تر، ئاسۆی بیرکردنەوەمان فراوان دەکات؛ یارمەتیمان دەدات بە نیسبییەوە تەماشای دیاردەکان بکەین، هەروەها کیشوەری ئەورووپا لە وڵات و کولتووری جوایەز پێک هاتووە. تێرمی "خاریج"، کورتکردنەوە و بە سادەکردنی کێشە ئاڵۆزەکان و خوێندنەوەی ئەویترە. لای جەزائیرییەکان "موهاجیر" بە تەواوی واتای سەرەکیی خۆی ون دەکات، واتە لە کۆچکارەوە دەبێت بە ئینسان، کە لە جیهانی سەرفراز و پێشکەوتوودا دەژیێ. ناوهێنانی "موهاجیر" لە کۆمەڵگەی جەزائیردا، بەسە بۆ ئەوەی ناسنامەی یەکێکی پێ بخوێنرێتەوە؛ ئەمە سەرجەم ئەو کێشانەیە کە موهاجیری جەزائیری تێیدا دەژیێت و پشتگوێی دەخات.

من ئەوە بۆ سی ساڵ دەچێت لە ئەورووپا دەژیم، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە رێگەی مامەڵەی رۆژانەوە، لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەدا هەڵسوکەوت دەکەم، هەروەها خوێندن لە دانیشگە و ئیشکردن لەو بوارە یارمەتیدەرن.

زۆر جار ئێمە بە هەڵە تێ دەگەین، کە کولتوور و کتێب لە یەک ئاستدا دادەنێین؛ کتێب بەشێکە لە کولتوور.

من تێرمی تاراوگە هەڵنابژێرم، بەڵکو دەڵێم من کوردێکی ئەورووپیم. واتە بەشداریی بەهاکانی ئەم کیشوەرە دەکەم بە حوکمی ژیان و ئیشەوە. تاراوگە راست بۆ یەکێکە، کە نەتوانێت بگەڕێتەوە و رێگەی گەڕانەوەی لێ قەدەغە کرابێت، ئەم تێرمە بۆ کوردەکانی باشوور راست نییە، چونکە

تاراوگە تێرمێکی زۆر سلبییە.

* تۆ یەکێکی لەو شاعیر و رووناکبیرانەی لە گوتوبێژە رۆژنامەوانییەکاندا باست لە منداڵیی خۆت نەکردووە ، مەگەر زۆر بە کورتیی، یان بە پچڕ پچڕی. هۆکارەکان چین؟ ئایا منداڵیی تۆ هی ئەوە نییە بنووسرێتەوە، یان بگێڕدرێتەوە، یانیش خۆت نەتویستووە، یان ناتەوێ پێوەندیی بە رابردووی خودی خۆتەوە زۆر بە تین بێت؟ ئەگەرچی مرۆڤ ناتوانێت لە تەواوی رابردووی خۆی پاشەکشێ بکات. بە کورتی، منداڵیی تۆ بۆچی هێندە نا رۆشنە؟

– بە پێچەوانەوە، سەرجەم ئەو شیعرانەی کە لە ناوەندی هەشتاکانەوە نووسیم تا سەرەتای نەوەدەکان باس لە منداڵی دەکەن. "زەردک" خۆی دەچێتە ژێر ئەو چەترەوە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵی، رەنگە لەلای من جوایەز بێت وەک لای هیوا قادر، یان لەلای دلاوەر قەرەداغی، یانیش لای پیربال دەبینرێت. من هەوڵ دەدەم بابەت لە شیعردا بکوژم.

هەروەک بەختیار عەلی زۆر بە جوانی شیعرەکانمی خوێندووەتەوە و دەڵێت سەنتەری واتا لە شیعرەکانی مندا بەرچاو ناکەون.

هەموو هەوڵێک لەلای من دووفاقییە، هەموو رێگەیەک دەبێتە دوو یان زیاتر. شتێک بە وەستاوی نابینرێت. "منداڵی تەنیا منداڵی من نییە" وەک لە یەکێک لە شیعرەکانم دەیڵێم.

بە کورتی، منداڵی ناگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو، هەربۆیە هەستێکی قووڵ بە نوستالژیا ناکرێت، واتە ئەو تەزووەی لەمەڕ حەمیمییەتی گەڕانەوە بۆ رابردوو دەدوێت.

رابردوو لەلای بودییەکان بە هیچ شێوەیەک وجوودی نییە، ئەوەی وجوودییە وەهمێکە لە بارەی رابردووەوە، کە لە مێشکی ئێمەدا تۆمار بووە، هەروەها هەمان رابردوو بۆ دوو کەسی هاوتەمەن و هاوپۆل و هاوڕێ، وەک یەکتری شتەکانیان تۆمار نەکردووە، چونکە یادگەشمان خاوەن میکانیزمی تایبەتە، خاوەن قودرەتێکی شاراوەیە لە تۆمارکردن و سڕینەوەی فلانە رووداو و فیسارە رووداو.

لە رووی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و کولتوورییەوە، منداڵانی نەوەکەی من، هەمووان تا رادەیەک وەک یەکترین؛ تازە تەلەڤزیۆن پەیدا دەبێت، خولیای فیلمی هیندی و کابۆیی و یارییە هەمەچەشنەکانی گەڕەکین و هتد، بۆیە بڕوا ناکەم شتێکی دیاریکراو من لە منداڵێکی تری ئەو سەردەمە جوایەز بکاتەوە. راستە هەرکەسە و خاوەن کارەکتەرە و هێدی هێدی وەک شەخسێکی تر لە منداڵێکی تر جوایەز دەبێتەوە، بەڵام ئەمە شتێکی گشتییە.

رووداوەکانی شەست و سێ، پاشان نیشتەجێبوون لەسەر پشتی قەڵای کەرکووک و خۆڕاهێنان بەو ژینگە نوێیە، تایبەتە، رۆمانی "زاکیرەی با"یش ئەو تەجرەبەیە دەگێڕێتەوە.

* بەڵام مــەبەســتی من لە منداڵی ئەوە بوو کــە لە گـوتـوبێـژە ڕۆژنـامـەوانی و کـۆوارییـەکـان تیـشکت نەخستووەتە سەر، یان منداڵیت زۆر ڕوون نییە، ئەمە پرسـیـاری من بوو. بۆچی منداڵیی تۆ، مـەبەسـتم لە ڕەوتار و گوفتار و شێوەژیانتە، گەلێک ڕوون نییە؟

– منداڵیی من لەگــەڵ منداڵانـی ئەو زەمـــانە، ڕەنگە لـە زۆر ڕووەوە یەک بیـچـمی هەبێت، بەڵام شـتێک هـەیە، ڕەنگە شـایانی ئاماژە بۆکردن بێت، ئەویش ئەمـەیە: لە تەمـەنی شـەش سـاڵانەوە گــوندبەدەرکــراین و بـاوکم کـــە مـــەلای گـــوندی "زەردک" بوو، قــۆڵبــەست دەکـرێت، بۆ مـــاوەی نۆ مـــانگیش لە بەندیخـــانەی موسیەب زیندانی دەکرێت، تەنیا لەبەرئەوەی کورد بووە.

ئەم گوندبەدەرکردنە، لە کن من ڕەنگدانەوەیەکی دیاری هەیە لە ژیانم. تا ئێسـتـا لە هیچ شـارێک لە دە سـاڵ زیاتر نەمـاومـەتەوە. هەمـوو شوێنێک بانـگەشە بۆ شـوێنێکی تر دەکات. ئەمە دە ساڵە لە ئیسپانیام، ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە باروبارگەم بپێچمـەوە؛ تازە هیچ شوێنێک ئارامیی ڕاستەقینەم پێ نابەخشێت.

ئەم تراژیدییـایە، خـۆشبـەخـتـانە هەمـیـشـە وزە و ڕیتـمـێک دەبەخشێت بە شیعرەکانم، کە ڕەنگە لە نێواخندا تەعبیر بێت لەم سەفەرانە.

**یۆنان نەک تەنیا هەر فەلسـەفەی تێدا دەگوترێت، بەڵکو دەبێتە ئەو لانکە مەزنەی کە شارستانییەتی ڕۆژئاوا، لە سەدەی پانزە و شانزەم بە دواوە تەبەنی دەکات**

* ئەگەر بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە، دەبینین کە ئێستای "یۆنان" لە بەرامــبــەر ســەردەمی "ئەفــلاتـوون" و "ئەرستۆ تاتلیس" و ئەوانیتردا، فەلسەفە نەک هەر ڕووی لە کزی کردووە، بەڵکو  لەم ڕووەوە "بە دەگمەن نەبێت" باس لە ئێستای یۆنان ناکرێت، بەو مانایەی: بەردەوام بن لە فــەلســەفــە، هـاوکـات ئەم دیدە بۆ "ڕوسیـا"یش بە هەمـان شـێوە لە بەردەممـاندا قـووت دەبێتەوە، بۆ نموونە؛ ئێستـایش بێجگە لە "تۆڵستۆی" و "فـیـۆدۆر دۆسـتـۆیێـڤـسکی"، باس لە ئەدەبیـان

**ئەوەی دەبێتە جێی سەرنج و بەڵکو ڕەخنە لە خۆگرتن، تا ئێستا مەرجەع و ڕێفێرانسێکی مێژوویی وەهامان لە ژێر دەستدا نییە**

ناکرێت، بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوتی ئەدەب هەبێت لە جیهاندا. ئەمە بە نیسبەت ئەو وڵاتانە، بە نیسبەت خۆشمان: پێتوایە ئێمە ئەزموونگەلێکی ناوازەی وەهامان هەبن، تا بەردەوام وەک سەرچاوە بگەڕێینەوە کنیان؟ لە ئێستادا "دەق"ێکی وەهامان هەیە وەربگێڕدرێ و لە ئاستی بەرهەمە ئێستێتیکییەکانی جیهاندا لە کتێبەرکێدا بێت "لە رووی فرەڕەهەندی و جواننووسییەوە"؟

– ئەگەر تەماشای مێژووی گەلان بکەین، ئەوە قۆناغێکیان هەیە کە بە سەردەمی زێڕین تەماشای دەکەن. سەدەی سێرڤانتیس بۆ ئیسپانییەکان، سەدەی شانزە، بە نیسبەت شانۆوە لای فەڕەنسییەکان، سەردەمی شێکسپیری لای ئینگلیزەکان. سەردەمی عەباسی لای عەرەبەکان، هەڵبەتە یۆنانیش بەشی شێری لە فەلسەفە بەردەکەوێت.

یۆنان نەک تەنیا هەر فەلسەفەی تێدا دەگوترێت، بەڵکو دەبێتە ئەو لانکە مەزنەی کە شارستانییەتی ڕۆژئاوا، لە سەدەی پانزە و شانزەم بە دواوە تەبەنی دەکات. کاتێک لە سەدەی شانزەدا ئێراسم باس لە باخچە بە نێوبانگەکەی دەکات، باس لەو کتێبخانەیە دەکات کە پەیکەری فەیلەسووفەکانی یۆنان لە تەنیشت فەیلەسووفە مەسیحییەکانی دانراون، ئەمە قودرەتێکی مەزنی ڕۆژئاوایە. وەک ئەوەی ئاشتبوونەوەیەک بەدی بکرێت لە نێوانی وەسەنییەت و وەحدانییەت؛ ئایا ئەمە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا کراوە؟ بێجگە لە شیعری جاهیلی، چ فیکرێکی نا ئیسلامی لە نێو فیکری ئیسلامیدا جێگەی دەبێتەوە؟ بە پێچەوانەوە، ئێمە هەموو جیسمێکی غەریب دەکوژین.

ئێمە کاتێک تەماشای مێژووی ئەدەبەکەمان دەکەین. لە دەستێکدا خاوەن مێژوویەک نین کە پسپۆڕان نووسیبێتیان. ئەوەی سەجادی و ئەوەی خەزنەدار، کاری تاکەکەسن، لە هیچ باشترن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک مەبەستم ئەوە نییە کە هەست بەو گشت ئەرک و خۆماندووبوونانە نەکەم کە چێشتوویانە، کاتێکیش بەراوردی دەکەم لەگەڵ مێژووی ئەدەبی میللەتانی تر، ئەوکات هەست دەکەم کە ئێمە چەند پێویستمان بە مێژوویەکی پووختەتر و پسپۆڕانەترە.

چونکە خوێندکار و باسکاری کورد کاتێک بیەوێت شتێک لە بارەی مێژووی ئەدەبەکەیەوە بزانێت، ئەوەی تەنیا لە چەند زانیارییەکی سەرپێی، چەند مێژوویێکی کورتبڕ، چەند پەخشانسازییەکی بێ چێژ و چەند بۆچوونێکی گشتی زیاتر، هیچی تری دەست ناکەوێت، بۆچی؟

سەرەڕای ئەو گوتە بە نێوبانگەی کە دەڵێ: "کورد هەمووی شاعیرن"، پێچەوانەکەیشی ڕاستە، واتە کورد هیچ لە بارەی مێژووی شیعریی خۆیەوە نازانێت و پێچەوانەی شتگەلێکن کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بە دەستی پسپۆڕانی بوارە جوایەزەکاندا نووسرابن. با ئەم گوتە بە ناوبانگەی سەرەوە ختووکەی ئۆخژن بە هەندێکمان ببەخشێت، بەڵام ڕاستییەکی تاڵی لە دووتوێی خۆیدا حەشار داوە، هەروەک دەگوترێت: منداڵیی میللەتان بە شیعر دەست پێ دەکات، یان

منداڵیی میللەتان شیعرە. بەو واتایەی کە سەرهەڵدانی پەخشان ئەوە دەگەیەنێت کە ئیتر میللەت لە قۆناغی هەست و نەستی رووتەوە بەرەو قۆناغەکانی بیرکردنەوە و وشیاری هەنگاو دەنێت، لێرەشەوە نووسینەوەی مێژوو بە بەشێکی گرینگی ئەم وشیارییە لە قەڵەم دەدرێت.

خوانەخوستە ئەگەر کورد هەمووی شاعیر بن، ئەوە تەنیا ئەو قۆناغە مێژووییەمان بۆ ساغ دەکاتەوە، کە دەبێت درکی پێ بکەین و هەنگاو بەرەو ساغکردنەوە و تۆمارکردن و نووسینەوە و مێژووی ئەدەبمان هەڵێنین!

ئەوە چل ساڵ بە سەر مێژووی دامەزراندنی دانیشگە و پەیمانگە و زانکۆ کوردییەکاندا تێ دەپەڕێت، ئەگەر لە بوارە زانستە پەتییەکاندا هیچ کەشفێکی وەهامان نەکردبێت کە هاوشان لەگەڵ کەشفە زانستییەکانی دنیادا بوەستێت، نابێتە جێگەی سەرسوڕمان، چونکە مێژووی زانست و زانیاری لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا شتێکی ئەوتۆی پێ نییە، کە ببێتە جێی شانازیمان. "بۆ نموونە؛ تا ئێستا لە جیهانی عەرەبیدا خەڵاتی نۆبڵی زانست نەبەخشراوەتە هیچ کەسێک".

بەڵام ئەوەی دەبێتە جێی سەرنج و بەڵکو رەخنە لە خۆگرتن، کە تا ئێستا مەرجەع و رێفێرانسێکی مێژوویی وەهامان لە ژێر دەستدا نییە، کە ببێتە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بۆ خوێندنکار و توێژەرەکانمان، ئەدی چۆن لێکۆڵینەوە بکرێت؟!

ئەگەر لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا سەرچاوەیەکی وەها نەهاتووەتە ئارا، دەبێت چۆن و کەی بیر لە پرۆژەیەکی وەها بکرێتەوە؟

بۆ نموونە؛ لە ساڵی "٢٠٠٦"دا دەزگای "چاپەمەنیی دانشگەی فەرەنسی"ی، لە سێ بەرگدا "مێژووی ئەدەبی فەرەنسی"ی پێشکێش بە خوێندنکار و باسکاری فەرەنسیزمان کرد. ئەوەی جێی سەرنجە، ئەم سێ بەرگە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوونە:

١- بەرگی یەکەم: لە ژێر ناونیشانی "لەدایکبوون و بووژانەوە"یە، کە لە ١٠٦٣ لاپەڕە پێک هاتووە و لە ژێر چاودێریی فرانک لێسترینگا و میشێل زینک-دا هاتووەتە ئەنجام، کە بۆ چاخەکانی نێوەند و سەردەمی راپەڕین تەرخان کراوە، ٤٥ توێژەر و باسکاریش بەشدارییان تێدا کردووە. بەشی یەکەم بۆ زمان و تێکست و دەنگ؛ بەشی دووەم بۆ خوا و جیهان؛ بەشی سێیەم بۆ وانە و قوتابخانە؛ بەشی چوارەمیش بۆ شیکل و ژانر تەرخان کراوە.

٢- بەرگی دووەم: لە ژێر نێوونیشانی "کلاسیسم"ە، کە لە ژێر چاودێریی ژان شارل دارمۆن و میشێل دەلۆن-دا هاتووەتە ئەنجام، کە بۆ سەدەی حەڤدە و هەژدە تەرخان کراوە و ٨٤٩ لاپەڕەی گرتووەتە خۆ، ٣٢ توێژەر و باسکار بەشدارییان تێدا کردووە و ئەم بەشانەی گرتووەتە خۆ؛ بەشی یەکەم: شوێن و دامەزراو و کاتێگۆریزاسیۆنکردن. بەشی دووەم: مەعریفە و بەها.

بەشی سێیەم: حەد و سنوورەکان. بەشی چوارەم: بۆ شیکل و ژانرەکان تەرخان کراوە.

٣- بەرگی سێیەم: لە ژێر ناوونیشانی "تازەگەری"، یان "مۆدێرنیتێ"دا لە ژێر چاودێریی پاتریک بێرتییە و میشێل ژارێتێ-دا هاتووەتە بەرهەم، کە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم دەگرێتەخۆ و لە ٨٥٦ لاپەڕە پێک هاتووە و ٣٣ توێژەر و باسکار بەشدارییان تێدا کردووە و ئەم بەشانەی تێدا تۆمار کراوە: بەشی یەکەم بۆ شیکل تەرخان کراوە، بەشی دووەم بۆ ڕێڕەوەکان و بەشی سێیەمیش بۆ ئامادەبوون تەرخان کراوە.

گرینگیی ئەم سێ بەرگانە لە چیدایە؟ نە لە ژمارەی لاپەڕەکانیدایە، کە هەندێک جار لای ئێمە لاپەڕەی زۆر حەپەسان دروست دەکات، نە لە زۆریی باسکاردایە، بەڵکو لە پرۆفێسیونالیسمەکەیدایە. بەو واتایەی کە ئەدەبی فەڕەنسی وەک ئەدەبی کورد و عەرەب و هەر ئەدەبێکی تر، هاوشان لەگەڵ مێژووی زمان و مێژووی کۆمەڵایەتی و مێژووی سیاسەت و فیکریی ئەو میللەتە لە ڕەوتدا بووە، کە بەرهەمی هێناوە.

بە واتایەکی تر، ئەو باسکارەی لە مەڕ ئەدەبیاتی چاخەکانی نێوەندی فەڕەنسی لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوە، دەبێت لاتینی و فەڕەنسیی کۆن، هەندێک لە زمانە ڕۆمانییەکانیش شارەزا بێت، سەرەڕای ئەوەی لەم ڕووەوە تێز و لێکۆڵینەوەی بێ ئەژماری ئەنجام دابێت، هەروەها پسپۆڕیی خۆیشی ئاشکرا کردبێت. بە پێچەوانەی ئەو سەرچاوانەی تا ئێستا لەلای ئێمە هاتوونەتە بەرهەم، هەموو چاخ و هەموو قۆناغ و هەموو ژانر و شیکلەکان، هەموو کۆن و نوێکان، تەنیا کاری یەک کەسن. ڕەنگە هەبن ستایش بۆ خاوەنەکانیان بنێرن، بەڵام ئەوەی بیری لێ نەکراوەتەوە خوێندکاری هێژایە، کە ئەو پێویستی بە سەرچاوەیەکی جدی هەیە. کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش ببین بە خاوەن سەرچاوەیەکی ئەکادیمی، کە بەها بگەڕێنێتەوە بۆ ئەدەب و خوێنەر!

کاتێک دەگەڕێینەوە سەر مێژووی ئەدەبمان، قۆناغەکان بە ڕوونی دیار نین؛ فیکری خانی و جزیری و نالی و مەحوی و خانای قوبادی، چ شتێک لە یەکترییان جوایەز دەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی لە قۆناغی مێژوویی جوایەزدا ژیاون؟ ئێمە خاوەن دەقگەلی جوانین، بەڵام تا ئێستا پێوەرەکانمان زۆر مەدرەسین، تا ڕادەیەکی کوشندەش سیاسین "بە مانا هیشک و بێ بەرەکەتەکەی".

## بیبلۆگرافیا

– له ساڵی ١٩٥٧ له کەرکووک له دایک بووه.
– قۆناغی یەکەمی سەرەتایی خوێندنی له قوتابخانەی "گەڕەشێخانی" تەواو کردووه، که گوندێکه له هەولێر.
– دواتر چوونەته گوندی "زەردک"، ئەو گوندە ٢٥ کیلۆمەتر له شاری "کەرکووک"ەوه دووره، هاوکات بووەته ئەدرێسی یەکێک له کۆمەڵه شیعرەکانی.
– قۆناغی خوێندنی ئامادەیی له بەغدا تەواو کردووه.
– له ساڵی ١٩٨١ەوه له ئەوروپا دەژیێت.
– چەند ساڵێک درامای له شاری "جنێڤ"دا خوێندووه.
– کۆلێژی ئەدەبیاتی له فەڕەنسا تەواو کردووه.
– دوکتۆرای هەیه له بواری "ئەدەبی بەراوردکاری"یەوه، له فەڕەنسا وەری گرتووه.

– له پاڵ شیعر، رۆمان و لێکۆڵینەوه و رەخنەی ئەدەبی دەنووسێ.
– شیعری بۆدلێر و ئارتۆر رامبۆ و ئۆکتاڤیۆ پاز و ئیلیتیس ئۆدیسیوس–ی کردووەته کوردی.
– شیعرەکانی "مەحوی"ی وەرگێڕاون بۆ سەر زمانی فەڕەنسی و له پاریس بڵاوبووەتەوه.
– ئێسته له کۆلێژی ئەدەبیات، له زانکۆی "سیوداد ریال" له ئیسپانیا، مێژووی زمانی فەڕەنسی و ئەدەبیاتی چاخەکانی نێوەند و سەردەمی راپەرین دەڵێتەوه.

– دوا بەرهەمی کۆکردنەوه و وەشاندنی کۆی شیعرەکانیەتی له بەرگێکدا به ناوی "کۆی شیعرەکانی ئەحمەدی مەلا"، له لایەن چاپخانەی رەنجەوه.
– جگه لەوەی چەند بەرهەمێکی تریشی وەرگێڕاونەته سەر زمانی کوردی، لەوانەیش رۆمانی: "خاتوو t"ی میلان کۆندێرا، هاوکاتیش "سەمەرقەند"ی ئەمین مەعلووف.
– رۆمانێکی عەبدولا سەڕاجی له زمانی کوردییەوه کردووەته فەڕەنسی.– کتێبێکی رەخنەیی چاپ کردووه به نێوونیشانی "شیعر تەنیا بنەمایه".